KURDISTAN NET کوردستان نێت

# با سوێسکەی شیعر بە شەوارە نەکەوێت!

(3)

حەمەسەعید حەسەن

**سەربەستی**

لای کەسانی هەمیشە گوێڕایەڵ و کەوی، لای ئەندامی ساویلکە، کادیری فەرمانبەر و سەرکردەی بازرگان، چاکترین شاعیر، شاعیرێکە ئەو دروشمانە لە قاڵبی شیعر بدات کە لایەنەکەی بڵندیان دەکاتەوە. شاعیر ئەشکەوت نییە و شیعری دەنگدانەوەی هاتوهاواری هیچ لایەنێک نییە. (شیعر بۆ ئەوەی ڕاستگۆ بێت، پێویستە سەربەست بێت.)(٣٠) داهێنان تەنیا لە ئاووهەوایەکی ئازاددا لە دایک دەبێت، ئەو نووسەرەی سەربەستیی خۆی نەپارێزێت، توانای داهێنانی نابێت. سەربەستی ئەوە نییە، (شاعیر دەرگا لەسەر خودی خۆی دابخات و وەک عەدەمییەک ڕەوتار بکات، ئاخر ئەگەر وای کرد، تەڵەی فۆرمالیزم لاقی ئاسکی شیعری دەگرێت.)(٣١)

کاری شاعیری مەزن، ئەوە نییە تەکنیکی شیعری بۆ دروشم و تاکتیکی حیزب ببینێتەوە. شاعیری گەورە نە شاباش لە خشتەی دەبات و نە کوتەک سەری پێ نەوی دەکات. ئەو شاعیرەی بۆ پاداشت بنووسێت، لەگەڵ وەرگرتنی پاداشتەکەدا، شیعرەکەی دەمرێت. ناوەڕۆکی شیعر پێویستە ڕەنگدانەوەی فیکر و هەڵوێستی شاعیرەکەی بێت، نەک بەرجەستەکردنی بەیاننامە و بەرنامەی ئەم یان ئەو حیزب. شاعیر کادیرێکی قسەشیرینی کەڵەکچی نییە، شاعیر دیپلۆمات نییە، تا زەردەخەنەی ساختە ببەخشێتەوە.

گەر بە دەنووک

کۆتری سپی، گەڵا زەیتوونی بۆ هێنام،

ئەگەر کوردستان پێکەنی،

ئازادی لەسەر لوتکەوە خۆی نیپشان دام ... هەڵۆ، ل١٩٨

ئەگەر چی لایەنێکی کرۆکی فیکری شێرکۆ بێکەس بریتییە لەوەی گەلی عەرەب وەک دوژمن، بە گەلی کورد بناسێنێت، وەلێ کە ئەو لایەنەی شاعیر بە تۆڕییەوە بووە، لە پێناوی دەستکەوتی تایبەتیدا، لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا دەکەوێتەوە وتووێژەوە، ئەمیش بەعسی دڕندە وەک کۆتری سپی نیشان دەدات و چاوەڕێیە داڵە چنگسوورەکان، فریادڕەس ئاسا گەڵازەیتوون بۆ کورد بهێنن و لە زریان دەربازی بکەن.

دەستیان هێنا تەوقە دەکەم،

بەڵام دەستم قەت نافرۆشم. هەڵۆ، ل٢٠٠

شاعیر سەگەکەی بافلۆف نییە، هەر کە گوێی لە دەنگی زەنگی بەیاننامەیەک بێت، یەکسەر لیکی شیعر بە زاریدا بێتە خوارەوە. شاعیر پرۆتۆس نییە، هەر ڕۆژەی بە شێوەیەک خۆی نیشان بدات. کاتێک ینک دەستی تەوقەی بۆ دەستی خوێناویی بەعس درێژ کرد، گەورەیی لەوەدا بوو، شێرکۆ بێکەس نەک هەر نەبووایە بە داوی ئەو تاکتیکە یان ڕاستتر ستراتیژەوە، بەڵکوو دژی هەموو دەستتێکەڵکردنێک لەگەڵ بەعسدا، کە دڕندەترین ڕژێمی سەر زەمینە، بوەستایەتەوە. تەنیا دەستدرێژکردن بۆ دەستی بە خوێن سووری بەعس، نەک هەر دەستفرۆشتن، بەڵکوو ویژدان، بیروباوەڕ و کانیاوی خوێناوی شەهیدان فرۆشتنیشە. دەستی ڕاستەقینەی بەعس ئەو دەستە بوو، لە شازدەی ئاداری ١٩٨٨دا، بۆ هەڵەبجەی درێژ کرد.

بەڵێ تەنیا یەک هەنگاوە،
یەک تەوقەیە،
بەڵام ئەو تەوقە و هەنگاوە،
پلووسکی ئابڕووی تکاوە. هەڵۆ ٢٥٢

تەوقەکردن لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا، بۆ ینک کە شێرکۆ بێکەس گۆرانیی بۆ دەڵێت، کارێکی ڕەوا و بگرە شۆڕشگێڕانەشە، وەلێ تەنیا هەر ئەو لایەنە، دەستنانە نێو دەستی بەعسی قۆرخ کردووە و هەر حیزب یان کەسێکی دیکە، تەوقە لەگەڵ بەعسدا بکات، یەکسەر دەبێتە: (کەفاوی دوای ڕیشتاشین، گۆرەویی چڵکن و دایبی! هەڵۆ، ل٥٥)

شێرکۆ بێکەس هەردوو شیعری (دووڕیان) و (نەفرەت)ی لەسەر خواستی ینک نووسیوە. (دووڕیان) پاساوهێنانەوە، بانگدان و هاندانە بۆ تەوقەکردن لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا و (نەفرەت)یش نەفرەتکردنە لەو پێشمەرگانەی ینک کە بۆ باوەشی ڕژێم دەگەڕانەوە. شێرکۆ بێکەس لە ڕوانگەی حیزبەکەیەوە سەرنجی هەموو دیاردەیەک دەدات، لەبەر بەرژەوەندیی تەسکی حیزبەکەی دەستتێکەڵکردن لەگەڵ بەعسدا پەسەند دەکات و هەر لە هەمان دیتنەوە ڕەتیشی دەکاتەوە.

فەرموون لە گوللە بپرسن،
لە دوای ئەوەی ئاگر دەدرێ،
گەڕانەوەی دێ بە بیرا؟ (٣٢)

عەبدوڵڵا پەشێو چونکە بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی لەبەر چاو نەگرتووە، بۆیە نەک هەر بیانووی بۆ ناپاکیکردن نەدۆزیوەتەوە، بەڵکوو پشکۆی شیعریشی بە چاوی ڕێبوارانی ڕێگای وتووێژ لەگەڵ بەعس کردندا چزاندووە.

شێرکۆ بێکەس لە ناوەڕاستی تەمموزی ١٩٨٥دا دەنووسێت:

هەر چی تاڵەمووی ڕیشێکی ئاخوندەیە،
بە یەکەوە گرێ بدەن،
وەکوو گوریس
لە ‹بانە›وە هەتا سەردەشت،
درێژ درێژی کەنەوە،
ئەوساش دەمی هۆنراوەم و تفەنگەکەم نابەستنەوە. هەڵۆ، ل٢٧١ و ٢٧٢

شێرکۆ بێکەس لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی عێراقدا و لە (کەشکۆڵەکان)یشیدا گەلێک شیعری دژی ڕژێمی خومەینی نووسیوە، تەنات لە چاوپێکەتنێکدا دەڵێت: (ئەگەر پێوەندیی نێوان ‹ینک›یش لەگەڵ ئێراندا، وەک پێوەندیی نێوان پدک و ئێرانی لێ هات، شیعر دژی ‹یەکێتی›ش دەنووسم.)(٣٣) بەڵام کە دوای هەرەسی وتووێژی نێوان ینک و بەعس، دوای ئەوەی ینک ئومێدی لە بەعس بڕا و بە کۆمەڵێک دیارییەوە کە یەکێکیان قەلاچۆکردنی پۆلێک لە ئەندامانی موجاهیدینی خەڵق بوو، خۆی گەیاندە ئامێزی ئێران، شێرکۆ بێکەس نەک هەر ڕەخنەی لە حیزبەکەی نەگرت، بەڵکوو وەک هەر ئەندام شانەیەکی گوێڕایەڵی دیکە، لە ئاست تاوانەکانی ڕژێمی خومەینیشدا، دەمی چووە کلیلە.

کێشە سەرەکییەکانی سەردەم لە بەرهەمی ئەدەبیدا ڕەنگ دەدەنەوە و ئەدەبی زیندووش کەم و زۆر جێدەستی بە ڕەوتی ئەو کێشانەوە دیارە. وەک چۆن کێشەکان کار دەکەنە سەر ئەدەب، ئەدەبیش کاریگەرێتی لەسەر کێشەکان جێ دەهێڵێت. ئەو نووسەرەی دەرک بەو پێوندییە دایلێکتیکیەی نێوان ئەدەب و واقیع نەکات، بەرهەمی لە بێشکەدا دەمرێت. (هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی، هێندەی شیعر بە پەلە بە دەنگ گۆڕانە فیکری و کۆمەڵایەتییەکانەوە

ناچێت.)(٣٤) وەلێ گرنگ چۆنیەتی بە دەنگەوە چوونەکەیە، لە کاتێکدا دەیان شاعیری دەربار، بە ئومێدی شاباش، گۆرانییان بە باڵای سوارچاکی نەتەوەی عەرەبدا هەڵدەدا، سەعدی یوسف دەیگوت:

وڵاتی نێوانی دوو زێ

ئەی وڵاتی نێوان دوو شمشێر. (٣٥)

(شیعری ڕاستەقینە، نە ئەو شیعرەیە کە لە قاڵبی ڕوانینێکی ڕاستەخۆی سیاسی ئەدرێت، نە ئەو شیعرەیە کە لە قوللەی گۆشەگیریدا دوور لە واقیع و خەڵکی ئەژی.)(٣٦) ئەو بۆچوونەی شێرکۆ بێکەس پەسەند دەکەم، بەڵام بریا قسە و کردار یەک هەنگاو پێکەوە ڕێیان کردبا، ئاخر بە سەرنجدانێکی خێرای شیعرەکانی، ئەوە لە گوماندا نامێنێتەوە کە ئەوی بایەخی پێ نەدات، ئەو بۆچوونە دروستەی خۆیەتی. ئەوە نییە چەندان ساڵە، ینک شیعری شێرکۆ بێکەس بە دوای خۆیدا کێش دەکات، بێ ئەوەی شاعیر بە موو لەو خەتە لای دابێت کە حیزب بۆی دەستنیشان کردووە!

ئەو ساڵانەی ینک و پدک سەرقاڵی شەڕی براکوژی بوون، شێرکۆ بێکەس وەک کەناڵێکی هۆشیاری سەر بە دەزگای ڕاگەیاندنی ینک بەشی هەرە زۆری توانای خۆی بۆ بەدناوکردنی پدک تەرخان کردبوو، ئاگری شەڕی براکوژی لە کوێ بووایە، بەنزینی شیعری ئەویش لەوێ بوو.

ئەو چاوانە وەختێ لەسەر دوندی قەندیل بوون بە چرا،

لەو کاتەدا چاوانی پیاوی کەرەج و پاڵەوانانی هەڵاتوو

تۆپی بلیارد،

دەنکە تەزبیح،

پاژنەهەڵکێش،

مووړووی ملی گەماڵی شا،

گوڵی خوێناوی سەر سنگی

پێڵاوەکەی شابانوو بوون لە تارانا. هەڵۆ، ل٧١

بەڵام کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤دا، وتووێژی نێوان ینک و بەعس بەرەو هەڵدێر مل دەنێت و ینک بانگەوازێک بڵاو دەکاتەوە، تێیدا داوای تەبایی و یەکێتیی ڕیزەکانی گەل لە پدک دەکات، شێرکۆ بێکەس خاڵە گرنگەکانی بانگەوازەکە لە شیعری (بانگ)دا بەرجەستە دەکات:

وەختێتی پێشمەرگەی کوردستان، وەختێتی

ئەم خاکە ئەنجن و زامدارە

هەر سێ شت خواستێتی،

یەکەمیان یەکێتی،

دووەمیان یەکێتی،

سێیەمیان یەکێتی. هەڵۆ، ل٢٠٩

یەکێتی لەگەڵ کێ؟ لەگەڵ (ئەو پیاوە پووتانەی لەناو لنگی سۆزانییەکانی تارانەوە لاسلکییان بۆ یەکدی دەکرد و جرتیان بۆ هەندرێن لێ دەدا و کێریان پیشانی زۆزک دەدا! هەڵۆ، ل٦٤ و ٦٥) یەکێتی لەگەڵ کێ؟ لەگەڵ (مووړووی ملی گەماڵی شا! لەگەڵ پاژنەهەڵکێش! لەگەڵ گوڵی سەر سنگی کەوشی شابانوو! هەڵۆ، ل٧١) ‹شاعیرێک› ئەمە تێڕوانینی بووبێت بۆ لایەنێک، ئاخۆ بێجگە لە شاباش، چی تر هانی دەدات، داوای یەکگرتنەوەیان لەگەڵدا بکات؟

سەروەختی شەڕی نێوان ینک و پدک، گوللەی شیعری شێرکۆ بێکەس، تەوێڵی دەقەری هەکارییشی دەکردە نیشانە:

له هەکارا
له هەکاری تار و مارا
گوڵەگەنمەکانی شۆڕش
له برسانا زۆریان مردن ...
مناڵینه ئەوا هاتن
نزیک و دوور
به لوورەلوور
گورگەکانی هەکار هاتن. هەڵۆ، ل١٦٥

کەچی که ینک به زەبری شەقی زەمانه، ناچار دەبێت داوای تەبایی له پدک بکات، هەکار دەبێتە یاری شیرینی شێرکۆ بێکەس:

ئەی هەکار
من بازووی لەشی تۆم، تەوێڵتم ...
گلێنەی ڕاستت بم، چەپت بم، چاو چاوە،
هەردووکمان دوو باڵی مەلێکین،
دوو سەری یەک پردی چەمێکین. هەڵۆ، ل٢٠٧

ئەنگلس دەڵێت: (نووسەران، به تایبەتی ئەدیبه ئاستنزمەکان، بۆ ئەوەی تۆڵەی کەمبەهرەییان بکەنەوە، سەرنجی جەماوەر به باسکردنی مەسەلە سیاسییەکان، ڕادەکێشن.)(٣٧) شێرکۆ بێکەس شاعیرێکی کەمبەهرە نییە، وەلێ پێش ئەوەی شاعیر بێت، کادیرە، گوتاربێژ و سەرگوتارنووسە، سۆفییانە پشتی حیزبەکەی دەگرێت و کوێرانە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی حیزبه و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە جێبەجێیان دەکات، ئەگەر تۆزقاڵێک سەربەستی بە خۆی ڕەوا ببینێتت، تەنیا ئەوەیە به پێی سەلیقەی خۆی مزسیک، ڕەمز و وێنەی شیعری بۆ بەیاننامەکان هەڵدەبژێرێت.

ئەوەی لەگەڵیا ڕانەیەم،
قەت ڕانەیەم،
ڕامنەهێنێ و قەت ڕانەیەم
هەر یەک شتە،
ئەویش تەنیا ژێردەستییە. (٣٨)

(شیعری شۆڕشگێڕ بریتی نییە له هاندانی ساویلکانه و دروشمی زەق، زمانیشی زمانی خوتبەی سیاسی و سەروتار نییە.)(٣٩) به پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی خۆیەوە، بەشێکی زۆری شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، بریتین له هاندانی ساکار، دروشمی زەق و ڕستەی شۆڕشگێڕانە. هەر گوتاربێژ، گوتارنووس و کادیرێک بدوێت، قسەی لەو شیعرە جوانتر و ناسکتری سەبارەت به خۆڕاگرتن پێیە.

نەوشیروان مستەفا دەڵێت: (ئێمە دژی ئەوەین گەنجی کورد بێت بۆ ئەورووپا.)(٤٠) شێرکۆ بێکەسیش دوابەدوای ئەو ڕێبەرەی دەبێژێت:

بەڵام لێرە
لای ئەوانەی فاڵی خەیاڵ له فنجانی ئەورووپادا ئەگرنەوە،
لەسەر بورجی ئیڤڵەوە
بۆنی شێخ وەسان دەکەن و
ڕۆژژمێری خوێن و دووکەڵی ساڵانتان دەخوێننەوە. (٤١)

بەشێکی زۆر لەوانەی سەرەتا شار و پاشان چیایان جێ هێشتووە و ڕوویان کردووەتە ئەورووپا، لەبەر ئەوەبووە، ئەوانە لە شار بواریان نەداوە بەعس کۆنترۆڵیان بکات، هەر لە پێناوی لە دەستنەدانی ئازادیی خۆیاندا، کە هەستیان کردووە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان گورگ و سوار، بەعس و نەیارەکانیدا نییە، شاخیشیان جێ هێشتووە. پێم وایە هەموو خوێنەرێکی ئەو شیعرە، لە لای خۆیەوە دەڵێت: دەبوو شاعیر ئەو قسانەی لە کوردستانەوە کردبا، نەک لە ئەورووپاوە. ئەوە چییە وای کردووە، شێرکۆ بێکەس مافی ئەوەی هەبێت، ئەورووپا بکاتە هەوار و خەڵکی دیکە هەمان مافیان نەبێت؟

(٣٠) لویس پارو و جان مارسناک. پول ایلوار، ت: صلاح الدین برمدا، ص٥٦ وزاره الثقافه ١٩٨٥ دمشق.

(٣١) حسین مروه، دراسات نقدیه فی ضوء المنهج الواقعی، ص٣١٧ ط ٢ مؤسسه الابحاث العربیه ١٩٨٦ بیروت.

(٣٢) عەبدوڵڵا پەشێو، تا نیوەی ڕێگە هاتووین، گۆڤاری پێشەنگ، ژ: ٧ ل٤١ کانوونی یەکەمی ١٩٨٤

(٣٣) هەڤاڵ کوێستانی، جوامێر ‹شێرکۆ بێکەس› ڕووبەڕوو لە سێبەری چیادا ١٩٨٥

(٣٤) د. عبدالسلام المسدی و د. عبدالواحد لؤلؤه، الشعر و متغیرات المرحله، ص٤٤ دار الشؤون الثقافیه ١٩٨٦ بغداد.

(٣٥) سعدی یوسف، خذ ورده الثلج خذ القیروانه، ص٩٣

(٣٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، پێشەنگ، ژ: ١٣ و ١٤ حوزەیرانی ١٩٨٧

(٣٧) انجلز، الثوره و الثوره المضاده، مجلد ١ جزء ٢ ص١٦

(٣٨) کاسێتی کۆڕی شێرکۆ بێکەس ١٩٨٧/٨/٨ ستۆکهۆڵم.

(٣٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، پێشەنگ، ژ: ١٣ و ١٤ حوزەیرانی ١٩٨٧

(٤٠) چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، پەیڤ، ژ: ٥ و ٦ لەندەن ١٩٨٧

(٤١) شێرکۆ بێکەس، سڵاو گوڵە کێویلەکانی شۆڕش، پەیڤ ژ: ٨ لەندەن ١٩٨٨